

ئەحمەد یاسین، یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی ئۆربیرۆی سوێدی:

# حەکیم شاکر پێمدەڵێت تۆ عێراقی نیت و عێراقت خۆشناوێ

رووداوی وەرزشی ـ FAYHAA TV

ئەحمەد یاسین، یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق رایگەیاند کە حەکیم شاکری راهێنەری ئەو هەڵبژاردەیە لە خولی ئەمجارەی کەنداویشدا وەک هەموو پاڵەوانیەتییەکانی دیکە کێشەی بۆ دروستکردووەو دەڵێت «حەکیم لە هەموو یارییەکدا پێمدەڵێت تۆ عێراقی؟ تۆ عێراقت خۆشدەوێ؟». ئەحمەد یاسین، کە یاری بۆ یانەی ئۆربیرۆی سوێدی دەکات لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی فەیحای عێراقی هێرشێکی توندی کردە سەر حەکیم و گوتی «حەکیم هەمیشە کێشەم بۆ دروستدەکات، پێمدەڵێت تۆ ماندووی، قژت جوان نییە، برۆ بیتاشە». هەروەها دەشڵێت «بەر لە هەموو یارییەک ئەو راهێنەرە لێمدەپرسێت تۆ عێراقی؟ عێراقت خۆشدەوێ؟ تۆ هیچ لە بارەی عێراقەوە نازانی، تۆ لە عێراق نەژیاوی».

ئەو یاریزانە زیاتر باسی راهێنەرەکەی دەکات «لە سوێد رۆژانە دوو یەکەی مەشقمان هەیە، حیساب بۆ هەموو شتێک دەکرێت، نووستن، خواردن، تەنانەت رۆژی پێش یاری مۆبایلەکانیشمان لێوەردەگرن، کەچی حەکیم تەنیا باسی فەیسبووک و رۆژنامەکانمان بۆ دەکات، لە هەموو ژیانمدا نەمبینیوە راهێنەرێک هێندەی ئەو قسە بکات». ئەحمەد یاسین، تەمەن 23 ساڵ، خەڵکی شاری خانەقینی باشووری کوردستانەو لە ساڵی 1994وە نیشتەجێی سوێدە، پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداوی وەرزشی) گوتی «من لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەم».

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (327) سێشەممە 2014/11/25 4ی سەرماوەز 2714 (500) دینار
رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

میسییەکەی 2014 لە میسییەکەی 2011 باشترە ..

# رۆیشتنی میسی لە بارسیلۆنا خەیاڵی رۆژنامەکانە

3»



پێناچێت قەتەر بتوانێت مۆندیال رێکبخات

6

LOTTO

براوەکانی سیوپێنجەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی):
1 ـ جیهاد حوسێن 2 ـ هۆگر محیەددین 3 ـ ئاسۆ ئازاد
4 ـ کوردۆ کەماڵ 5 ـ شەن بەختیار.

8

قسە بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات..

## نەوزاد ویستی ئاڵای کوردستان بداتە میسی و پێیبڵێت یارمەتی کوردستان بدە

2»

ئارسن ڤینگەری راهێنەری یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی ئەو قسانە رەتدەکاتەوە کە لەم رۆژانەی دواییدا لەلایەن رۆژنامەکانی ئینگلتەرا بڵاوکرانەوە، گوایە ساڵی 2003 لیۆنێل میسیی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لەسەر شوقەیەک لەگەڵ یانەی ئارسناڵ رێکنەکەوتووە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ریزەکانییەوە بکات و گوتی «لە راستیدا ساڵی 2003 هەوڵمدا میسی و فابریگاس و پیکێ بێنمە ریزەکانی ئارسناڵ، بەڵام میسی بە پەرۆش نەبوو بۆ هاتن، سەبارەت بە شوقەکەش ئەو قسەیە هیچ بنەمایەکی نییە».

## رۆیشتنی میسی لە بارسێلۆنا خەیاڵی رۆژنامەکانە..

# رۆژنامەکان نانی خۆیان بە میسی دەخۆن

### «ساڵی 2011 رێژەی بەشداری میسی لە گۆڵەکانی بارسیلۆنا 58 % بوو، کەچی ئێستا بریتییە لە 61 % »

**ئا: ئیحسان تاهیر**

چەندین راپۆرتی رۆژنامەوانی بەم دواییە باس لە رۆیشتنی لیۆنێل میسی لە ریزەکانی بارسێلۆنا دەکەن. هەندێک لە راپۆرتەکان میسیان بە یانەی چێڵسی ئینگلیزی بەستاوەتەوە، گوایە بە نیازە لە هاوینی داهاتوودا گرێبەستێک بە بڕی 150 ملیۆن پاوەند پێشکەشی میسی بکات. هەندێکیش دەڵێن مانچستەر سیتی 200 ملیۆن پاوەندی بۆ ئامادەکردووە، بەڵام تۆڕی گیف می سپۆرتی بەریتانی دەڵێت "رۆیشتنی میسی لە بارسێلۆنا تەنیا خەیاڵی رۆژنامەکانە".

تۆڕی گیف می سپۆرتی بەریتانی راپۆرتێکی لە بارەی ئەگەری رۆیشتنی میسی لە بارسا بڵاوکردەوەو رایگەیاند "ئەو شتانە بەردەوام لە داهێنانی رۆژنامەکانن، بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارە بفرۆشن". تۆرەکە چیرۆکی رۆیشتنی میسی لە بارسا لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا خستووەتەڕوو، کە بەمشێوەیە:

#### سەرەتای دەنگۆکانی رۆیشتنی میسی:

چیرۆکی رۆیشتنی میسی لە کامپ نو لە مانگی دیسێمبەری 2012 دەستیپێکرد، ئەوکاتەی یانەی ئێنجی رووسی ویستی واژووی میسی بەدەستبێنێ، یانە رووسییەکە کە خاوەنەکەی ملیاردێری رووسی، سلێمان کیریمۆڤە، خاوەن سامانێکی زۆربوو و بڕیاریدا یانەکە بخاتە سەر گۆڕەپانی جیهانی، بۆیە گرێبەستێکی پێشکەش بارسێلۆنا کرد، بەڵام بارسا بە دەستەوارەکە رازی نەبوو و گرێبەستەکەی میسی نوێکردەوە، بەهای شکاندنی گرێبەستەکەشی گەیاندە 250 ملیۆن یۆرۆ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئەستێرەکەی بکات.

#### بە ئامانجکردنی چێڵسی

چێڵسی لە بەهاری ئەمساڵ ویستی واژووی میسی بەدەستبێنێ، چاویان بە بریکاری یاریزانەکەو یانە ئیسپانییەکە کەوت، بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوون. میسی ئەمجارەش گرێبەستەکەی تاوەکو 2019 تازەکردەوە، کە مووچەی ساڵانەی بۆ20 ملیۆن پاوەند بەرزکرایەوە. لە کۆتاییدا ئەدیداس نەیتوانی گرێبەست لەگەڵ میسی واژووبکات، ئەگەری رۆیشتنی میسی بۆ چێڵسی و پریمەرلیگیش راستی بوو، بەڵام لەلایەن یاریزانەکە و یانەکەی رەتکرایەوە.

#### میسی بە 400 ملیۆن پاوەندە

هەرچەندە رۆیشتنی میسی لە بارسێلۆنا نیمچە مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی مارکای ئیسپانی کە بە لایەنگری ریال مەدرید ناسراوە هەواڵی ئەوەی بڵاوکردووەتەوە، کە کڕینی لیونێل میسی لەلایەن هەر یانەیەکەوە کە بیەوێ گرێبەستی لەگەڵ مۆربکات 400 ملیۆن پاوەندی پێویستە. میسی دەرگای رۆیشتنی لە بارسا لە کۆتایی ئەو وەرزە کردەوە، کاتێک بە رۆژنامەی ئۆلێی ئەرجەنتینی راگەیاند، هەموو شتێک لە تۆپی پێ روودەدات. مارکا ئاماژەی بەوە کردووە دەرچوونی میسی لە کامپ نو بە ئاسانی نابێت، چونکە مووچەی ساڵانەی دەگاتە 20 ملیۆن یۆرۆی سافی، هەر یانەیەک میسی بوێ دەبێت بیر لە چەندین فاکتەر بکاتەوە، لەوانەش بەهای مەرجی سزایی گرێبەستەکەی، کە دەگاتە 250 ملیۆن پاوەند، بێجگە لە مووچەکەی، واتە کۆی بەهاکەی دەگاتە 400 ملیۆن پاوەند. مارکا شرۆڤەی ئەو بڕە پارەیەی کردووە و دەڵێت، میسی لەوانەیە پێش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی بڕوات، ئەگەر شتەکە رووبدات بە گرێبەستێکی 150 ملیۆن پاوەندی، لەگەڵ مووچەیەکی ساڵانەی 50 ملیۆن پاوەندی بە باجەوە، واتە ئەگەر گرێبەستەکەی بۆ ماوەی 5 ساڵ بێت، کۆی مووچەکەی دەکاتە 250 ملیۆن پاوەند، واتە 250 ملیۆن پاوەند لەگەڵ بەهای دەستەوارەکە، کە لەوانەیە بارسا پێی رازی نەبێت، واتە ئەو یانەیەی میسی دەوێ دەبێت نزیکەی نیو ملیار یۆرۆ بدات. رۆژنامەکە باس لەوەش دەکات کە تەنیا دوو یانە دەتوانن ئەو هەموو پارەیە بدەن، ئەوانیش مانچستەر سیتی ئینگلیزی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسین.

#### AS: %60 پێشبینی رۆیشتنی دەکەن

سەرەڕای ئەوەی واقیع دەڵێت "رۆیشتنی میسی لە بارسێلۆنا نیمچە مەحاڵە". بەڵام هێشتا زۆربەی ئیسپانییەکان لەو بڕوایەدان کە میسی لە بارسێلۆنا دەڕوات.

رۆژنامەی ASی ئیسپانی ئاشکرای کردووە، ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی بارسێلۆنا و خۆشەویستانی لیونێل میسی پێشبینی رۆیشتنی لەماوەی داهاتوودا دەکەن، ئەوەش بە گوێرەی ئەو راپرسییەی کە رۆژنامەکە بەم دواییە ئەنجامی داوەو بە پێی ئەنجامەکانی دەرکەوتووە 60% لە خوێنەرانی رۆژنامەکە پێشبینی رۆیشتنی میسی لە ماوەی داهاتوودا دەکەن، ئەمەش دوای لێدوانی میسی لەگەڵ رۆژنامەی ئۆلێی ئەرجەنتینی، کە رۆیشتنی لە بارسێلۆنا بە دوور نەزانی دێت. زیاتر لە 12 هەزار خوێنەر بەشدارییان لە راپرسییەکەدا کرد و رێژەی ئەوانەی پێشبینی رۆیشتنی میسی دەکەن نزیکەی 60.78% بوو، بەڵام رێژەی ئەوانەی پێشبینی مانەوەی لە بارسا دەکەن 39.22% بوو.

#### میسی 2014 لە میسی 2011 باشترە

زۆر کەس باسی دابەزینی ئاستی لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەکەن، بەڵام راستییەکان شتێکی جیاوازتر دەردەخەن و ژمارەو ئامارەکانیش پێماندەڵێن "میسی 2014 لە میسی 2011 باشترە".

گەیشتنی میسی بە گۆڵی ژمارە 71 لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و شکاندنی ژمارەی زارا وەک باشترین گۆڵکار لە مێژووی لالیگادا زۆر بە هێمنی تێپەڕی و هیچ هەرایەکی نەنایەوە، بە پێچەوانەی جاران و پێچەوانەی ئەوەی ئێستا لەگەڵ درەوشانەوەی بەردەوامی رکابەرەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ روودەدات.

#### ژمارەی نایاب

ئەگەر ناوی لیونێل میسی ناوێکی دیکە بوایە، ئێستا رۆژنامەکان باسی دەستکەوتەکانیان دەکرد، بەوەی لەم وەرزەدا بەشداری لە تۆمارکردنی 17 گۆڵ لە کۆی ئەو 28 گۆڵە کردووە، کە بارسێلۆنا لە خولی ئیسپانیا تۆماری کردووە، میسی 10 گۆڵی تۆمارکردووەو 7 گۆڵیشی دروستکردووە، هەروەها تاوەکو ئێستا خاوەنی باشترین رێژەی دروستکردنی دەرفەتە لە لیگادا، کە لە هەر یارییەکدا 3.3 دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنی دروستکردووە. لەگەڵ 4.1 یاریزان بڕین بە سەرکەوتوویی لە هەر یارییەکدا.

#### وەرزێکی زۆر باش

زۆر کەس پێیانوایە وەرزی 2011 ـ 2012 ئەو وەرزەیە کە میسی گەیشتە لوتکەی ئاست و گرنگی لەگەڵ بارسێلۆنا، لەو وەرزدا میسی بەشداری لە تۆمارکردن و دروستکردنی 66 گۆڵ لە کۆی 114 گۆڵی یانەکەی لە لیگا کرد، واتە بە رێژەی 58%، کە لە رێژەی بەشداریکردنی ئێستای کەمترە کە 61%. لەو وەرزدا میسی لەهەر یارییەکدا 2.5 دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنی دەرەخساند، کە لە رێژەی ئێستای کەمترە، ئەمەش دەریدەخات هەوڵەکانی هێرشبردنی بە کۆمەڵی میسی لەگەڵ لویس ئێنریکی لە سەردەمی پیپ گواردیۆلا باشتربێت. ئەگەر میسی بە وەرزی 2010 ـ 2011 بەراورد بکەین، کە بارسێلۆنا پێنج نازناوی لەسەردەستی گواردیۆلا بەدەستهێنا، دەبینین رێژەی بەشداریکردنی لە گۆڵەکان 52% بوو، لەگەڵ رەخساندنی دوو دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردن لەهەر یارییەکدا، ئەو ژمارانەش زۆر لە ژمارەکانی ئێستای میسی کەمترە.

#### جوولەی کەمتر بووە

ئەو شتە گرنگەی لە میسی گۆڕاوە لەسەر یاریگە پەیوەندی بە جوولەکردنییەوە هەیە، ئەو کەمتر رادەکات و کەمتر هەوڵی بڕینی یاریزانان دەدات، ژمارەکان ئاماژە بە دابەزینی هەوڵەکانی میسی بۆ بڕینی یاریزانان بە رێژەی 40% دەدەن، هەروەها کەمتر لە جاران شوێنی خۆی لە نێو یاریگەدا دەگۆڕێ بۆ تۆپ وەرگرتن. ئەو جوولە کەمەی وایکردووە خەڵکی وابزانن ئاستی دابەزیوە، چونکە جەماوەر دەیانەوێ میسی ببینن بە تۆپەوە بڕوات و یاریزانان ببڕێت، هەرچەندە ژمارەکان دەریدەخەن سەبارەت بە کاریگەری میسی زۆر لە سەردەمی لوتکەی ئاستی باشترە و زۆر لەسەردەمی گواردیۆلا بۆ بارسا گرنگترە.

#### ئاستی هاوڕێکانی دابەزیووە

هۆکاری دووەمی گرنگ پەیوەستە بە دابەزینی ئاستی هاوڕێکانی میسی، دابەزینی ئاستی ئینێستا، چاڤی، بۆسکێس و پیدرۆ هەتا یاریزانانی هێڵی بەرگریش، وایکردووە تیپی بە گشتی متمانەی جەماوەر و بینەران لە دەستبدات، ئەمەش وایکردووە وێنەی میسی بە وێنەی هەموو تیپەکە کاریگەربێت، بەتایبەتی ئێستا ئەنجامەکان وەک پێشان نیین. ژمارەکان ئاماژە بەوە دەکەن میسی ئەرکی خۆی بە تەواوی جێبەجێ دەکات، بەڵام لایەنەکەی تر بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت، بەمەش هەموو هەوڵەکان بە فیڕۆدەچن و تۆمەتباری یەکەمیش ئەستێرەی یەکەم دەبێت، وەک چۆن ئەو زۆرترین پشکی سەرکەوتنی بەردەکەوت.

#### ژمارەکانی کاروانی میسی

| | |
|---|---|
| یاری | 538 |
| گۆڵ | 412 |
| ئەسیست | 163 |
| هاترێک | 27 |
| نازناو | 23 |
| تۆپی زێڕ | 4 |
| پێڵاوی زێڕ | 3 |



**«60 %ی ئیسپانییەکان پێشبینی رۆیشتنی میسی لە بارسیلۆنا دەکەن»**


**«میسییەکەی ئێستا لە میسییەکەی سەردەمی گواردیۆلا باشتر و گرنگترە بۆ بارسیلۆنا»**

**«میسی خاوەنی باشترین رێژەی دروستکردنی دەرفەتە لە لیگادا، کە لە هەر یارییەکدا 3.3 دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنی دروستکردووە»**



KOREK Telecom
هەینی پڕ خێر
خەڵاتی جۆراوجۆر
ئەم هەینییە و هەموو هەینییەك
3 خولەك بەبەردەوامی لەناوتۆڕ قسە بکە لە رۆژی هەینی پاشان بەخۆرایی کورتەنامەیەکی بەتاڵ بنێرە بۆ 232 و پەیوەندی خۆرایی بۆ ناوتۆڕ بەدەستبێنە لە شەوی هەینی لە کاتژمێر 10:00 بۆ 11:00ی شەو.
ئەم ئۆفەرە تەنها رۆژانی هەینی بەردەست دەبێت لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و بۆ سەرجەم بەشداربووانی کورەك، پریپەید و پۆستپەید.
بویەرە خەون ببینە
korektel.com
411


ڕووداوی وەرزشی
ژمارە (327) سێشەممە 2014/11/25



## ڕاستە

دوای ئەوەی تیاگۆ سیڵڤای بەرگریکاری بەرازیلی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریسی لە کاتی مەشق و ڕاهێنانەکاندا زۆر گلەیی لە هاوڕێکانی دەکات و بەسەریاندا هاواردەکات. خافێر پاستۆری ئەستێرەی ئەرجەنتینی ئەو یانەیەش قسەکانی سیڵڤای دووپاتکردەوەو گوتی «ڕاستە، زلاتان لە مەشقەکاندا هەمیشە گلەیی لە هاوڕێکانی دەکات و خۆی تووڕەدەکات، بەڵام من گوێ نادەمە ڕەخنەکانی ئەو، تەنیا بیر لە یاری و مەشقەکانم دەکەمەوە».





### مەدریدییەکان داوای لێبوردنەکەی قبووڵ ناکەن..

# ئەلۆنسۆ پیاوێکی دووڕووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

مەدریدییەکان چابی ئەلۆنسۆی یاریزانی پێشووی یانەکەیان بە پیاوێکی دووڕوو ناودەبەن و دەڵێن "تاوەکو لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لە لووتکەی ئاستبەرزیدابوو ئەلۆنسۆ دەیگوت ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزانی جیهانە، کەچی لەبەرئەوەی لە ریال مەدرید ڕۆیشتووە پشتی لە ڕۆناڵدۆ کردووە، سەرەڕای ئەوەی ئێستا ئەستێرەی پورتوگالی باشترینی یاریزانی جیهانە".

دوای ئەوەی چابی ئەلۆنسۆی یاریزانی ئیسپانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی ڕایگەیاند "پێویستە خەڵاتی باڵۆن دۆر بدرێتە مانوێل نوێری گۆڵچیی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، لەبەرئەوەی تەنیا گۆڵچی نییە، یاریزانیشە و جامی مۆندیالی بردووەتەوە".



ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی مەدریدی هێرشیان کردە سەر ئەلۆنسۆی یاریزانی پێشووی یانەی ریال مەدرید و بە "پیاوی دووڕوو" وەسفیان کرد.

چونکە وەک ئەوان دەڵێن "تاوەکو ئەلۆنسۆ یاریزانی ریال مەدرید بوو پشتگیری لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکرد لە دژی میسی، کەچی لەبەرئەوەی لە ریال مەدرید نەماوە ڕاستەوخۆ پشتی لە ڕۆناڵدۆ کردو ڕایگەیاند کە یاریزانێکی ئەڵمانی شایستەی باڵۆن دۆرە".

هەرچەندە ئەلۆنسۆ بە تەلەفۆن داوای لێبوردنی لە ڕۆناڵدۆ کرد، بەڵام مەدریدییەکان قبووڵیان نەکرد، چونکە وەک ئەوان دەڵێن "کاتێک میسی لە لووتکەی ئاستبەرزی دابوو، بە هەموو پێوەرەکان شایەنی باڵۆن دۆر بوو، ئەلۆنسۆ دەیگوت ڕۆناڵدۆ لە میسی باشترەو ئەو شایەنی باڵۆن دۆرە، کەچی ئێستا ڕۆناڵدۆ لە لووتکەی ئاستبەرزیدایەو زۆر لە پێش میسییە، ئەلۆنسۆ پێیوایە ڕۆناڵدۆ شایەنی باڵۆن دۆر نییەو دەڵێت دەبێ ئەو خەڵاتە بدرێتە مانوێل نوێر".

تۆڕی هەواڵی کۆدینا کۆپیەی ئیسپانیش لەو بارەوە ڕایگەیاند کە لە سەرچاوەیەکی نزیک لە ماڵی مەدریدییەوە زانیویەتی کە ڕۆناڵدۆ بەهۆی ئەوەی ئەلۆنسۆ پشتی لێکردووە، زۆر لەو کۆنە هاوڕێیەی تووڕە بووە. دواتر ئەلۆنسۆش ڕایگەیاند کە بە تەلەفۆن داوای لێبوردنی لە ڕۆناڵدۆ کردووە.

### لێدوانێکی سەیرو پێکەنیناوی..

# هاینکس: جێگۆڕکێی ئەلۆنسۆ و کرووس بۆ هەرچوار لایەن باشبوو



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**


یۆب هاینکس، ڕاهێنەری پێشووی هەردوو یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و بایرن میونشنی ئەڵمانی پێیوایە چوونی چابی ئەلۆنسۆی ئیسپانی بۆ بایرن میونشن و گرێبەستکردنی تۆنی کرووسی ئەڵمانی لەگەڵ ریال مەدرید بۆ هەردوو یاریزانەکەو هەردوو یانەکە سوودی هەبووە.

دوای تێپەڕبوونی 3 مانگ بەسەر وەرزی تازەدا، کە سەرەتای مانگەکانی یەکەمی یاریزانی ئیسپانی، چابی ئەلۆنسۆ لەگەڵ بایرن میونشن و یاریزانی ئەڵمانی تۆنی کرووسە لەگەڵ ریال مەدرید، هەردووکیان بە ئاستێکی زۆر باش دەرکەوتوون. لەم بارەوە یۆب هاینکسی ڕاهێنەری پێشووی ریال مەدرید و بایرن میونشن دەڵێت "لەوانەیە ئەوەی دەیڵێم پێکەنیناوی بێت، بەڵام ریال مەدرید لەگەڵ کرووس و بە بێ ئەلۆنسۆ بەهێزترە و بایرنیش لەگەڵ ئەلۆنسۆ و بە بێ کرووس بەهێزترە".


دوای ئەم قسانە زۆر چاودێر بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو لێدوانە سەیرەی هاینکس هەبوو، کە هەندێکیان لێدوانەکەی بە ڕاست دەزانن و دەڵێن "هەردوو یاریزان لەگەڵ یانە تازەکەیان باشتر خۆیان دۆزیووەتەوە. ئەلۆنسۆ کە تەمەنی هەڵکشاوە و لە هەندێک یاری ریال مەدریددا ئاستی خراپ بوو، لەگەڵ بایرن میونشن بەردەوام ئاستی باشە و ژمارەکانیشی گەواهی ئەو ڕاستییەن، هەرچی کرووسیشە کە جاران و ئێستا ئاستی باش بوو، لەگەڵ ریال مەدرید باشتر دەردەکەوێ و لە 11 گەڕی لیگادا توانیویەتی 6 گۆڵ دروست بکات، کە لە وەرزی ڕابردووشدا لەگەڵ بایرن میونشن هەمان ژمارەی هەبوو، بەڵام لە 29 گەڕدا".

"لەوانەیە ئەوەی دەیڵێم پێکەنیناوی بێت، بەڵام ریال مەدرید لەگەڵ کرووس و بە بێ ئەلۆنسۆ بەهێزترە و بایرنیش لەگەڵ ئەلۆنسۆ و بە بێ کرووس بەهێزترە"

"ئەوکاتەی میسی زۆر لە ڕۆناڵدۆ باشتربوو، ئەلۆنسۆ دەیگوت ڕۆناڵدۆ شایەنی باڵۆن دۆرە، کەچی ئێستا ڕۆناڵدۆ زۆر لە میسی باشترە دەڵێت ڕۆناڵدۆ شایەنی باڵۆن دۆر نییە"



## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



لە هەموو ژیانی خۆمدا تاکە جارێکیش سروودی نیشتیمانیی فەرەنسیم نەگوتووەتەوە، چونکە ئەوە کاری قوتابیانە لە قوتابخانە نەک یاریزان

ئێریک کانتۆنا

(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



یانەی چێڵسیم هێندە خۆش دەوێت، ڕەنگی خوێنم شین بووەو تا کۆتاییش هەر بە شینی دەمێنێتەوە

ئۆسکار

(یاریزانی یانەی چێڵسی)



هیچ کاتێک ئەلۆنسۆ ڕۆناڵدۆی پێ باشترین یاریزانی جیهان نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە ریال مەدرید ئازاد نەبوو نەیدەتوانی ڕای دڵی خۆی بدرکێنێت

کارمی بارسێلوا


(کچە ڕۆژنامەنووسی کەتەلۆنی)



هێندە سەرسامم بە میسی و هێندە برادەری ئەوم، ئەگەر نەک هەر لە بارسێلۆنا بڕوات، بەڵکو بۆ یاریکردن بچێتە سەر مانگیش لەگەڵی دەڕۆم

ئیڤان ڕاکیتیچ

(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



ڕۆنی هیچی لە میسی و ڕۆناڵدۆ کەمتر نییە، بەڵام خەڵک ئەو ڕاستییە نازانێت لەبەرئەوەی وەک ئەوان خۆویست نییەو تەنیا بیر لە گۆڵکردن ناکاتەوە

بۆبی چارلتۆن

(ئەفسانەی تۆپی پێی ئینگلتەرا)



شێوازی بەخشینی خەڵاتی باڵۆن دۆری ساڵی ڕابردوو هێشتا ئازارم دەدات، چونکە هەموو جیهان دەزانێت بۆچی ماوەی دەنگدانەکەیان درێژکردەوە

فرانک ریبێری

(یاریزانی یانەی بایرن میونشن)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (327) سێشەممە 2014/11/25



## درۆیە

ئێنریکی سـیریزۆی سـەرۆکی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسـپانی هەموو ئەو هەواڵانەی بەدرۆخسـتەوە کە باس لە هەوڵەکانی ئەو دەکەن بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ خۆسێ کالیخۆنی هێرشبەری لاوی ئیسپانی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیمان بە کالیخۆنەوە نەکردووە بۆ ئەوەی بێتە ریزەکانی یانەکەمان، ئەو لەگەڵ یانە ئیتاڵییەکەی زۆر دڵخۆشەو ڕێز لە گرێبەستەکەی لەگەڵ ناپۆلی دەگرێت، بێجگە لەوەش ئێمە پەیوەندییەکی باشیشمان لەگەڵ دی لۆرێنتسی سەرۆکی ناپۆلی هەیە».

## 77 گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

لە ئەوروپا و زۆر شـوێنی دیکـەی جیهاندا بەهرەی وەرزشـیی کورد زۆرن، بەتایبەتیـش بەهرەی تۆپی پێ. کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشـتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشـنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت. بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردسـتانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشـتوون. (ئەیاس لیـڕی) بە هاوکاری (ڕووداوی وەرزشـی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە. کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (ڕووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

ئا: ئەیاس لیڕی



ناو: کەنەدی بەکرجیۆغلۆ
بەرواری لەدایکبوون: 11/2/1980
شوێنی لەدایکبوون: سۆدەرتالج ـ سوید
شوێنی یاریکردن: هێڵی هێرشبردن

کەنەدی بەکرجیۆغلۆ..

# ئەو کوردستانییەی تۆڕی ریال و ئەتلەتیکۆ مەدریدی هەژاند

کەنەدی بەکرجیۆغلۆ، یاریزانێکی ئاشووری کوردسـتانییە، خەڵکی شـاری مەدیەدی سـەر بە پارێزگای ماردینـی باکووری کوردستانەو لەدایکبووی وڵاتی سوێدە. کەنەدی 14 یاری بۆ هەڵبژاردەی سـوێدی خـوار تەمەن 21 سـاڵی ئەنجامـداوەو توانیویەتـی گۆڵێک تۆماربـکات. لـە سـاڵی 2001 تاوەکـو 2008 یاریزانـی هەڵبـژاردەی نیشـتیمانیی سـوێد بـووەو لـە 18 یاریـدا بەشداریکردووە، گرنگترینیان لـە پاڵاوتنەکانـی یـۆرۆی 2008 بوو بەرامبەر هەریەک لە هەڵبژاردەکانی ئیسـپانیا، دانیمارک، ئێرلەندا، ئایسـلەندا و لاتیڤیـا. چەندیـن یـاری دۆستانەشـی ئەنجامـداوە بەرامبەر هەڵبژاردەکانی تورکیا، ئەڵمانیا، کۆریای باشوور، کرواتیاو چەندین هەڵبژاردەی دیکە.

بەکرجیۆغلۆ، لە یانەی ASSYRISKA FF ی سـوێدی دەسـتی بەیاریکردن کردووە، کە یانەیەکی ئاشـوورییە (وەک داڵکـورد، یانە کوردییەکەی سـوێد). لە سـاڵی 1996 تاوەکو 1998 یاریزانی ئەو یانەیە بووەو لە سـاڵی 1999 تاوەکو 2003 پەیوەندی بـە ریزەکانـی یانـەی HAMMARBY IFی هەمـان وڵاتەوە کردووەو لە 127 یاریدا 8 گۆڵی تۆمارکـردووەو لەگەڵیدا بووەتە پاڵەوانی خولی نایابی سـوێدی 2001. کە لەو خولەدا کەنەدی ئاسـتێکی بـەرزی پێشکەشـکردو بـووە جێی سـەرنجی یانەی IRAKLIS THESSALONIKI F.Cی یۆنانـی و بەبـڕی ملیۆنێـک و نیو دۆلار گرێبەستی لەگەڵ مۆرکردو لە وەرزەکانی 2003 ـ 2004 و 2004 ـ 2005 یـاری بـۆ کـردو لـە 24 یـاری خولـی نایابی یۆنانیـدا توانی 4 گۆڵ تۆماربـکات. دواتـر لەلایـەن یانـەی تویێنتـی ئەنشـخیدەی هۆڵەندییـەوە داواکـراو بەبڕی 2 ملیۆن دۆلار چووە ریزەکانی. لە وەرزی 2005 ـ 2006 لە 32 یاری خولی نایابی هۆڵەندی توانی 8 گـۆڵ و لـە وەرزی 2006 ـ 2007ش لە کۆی 34 یـاری توانـی 15 گۆڵ تۆماربـکات و ببێتە هەشتەمین گۆڵکاری خولی هۆڵەندی ئەو وەرزە.


ئەمجارەیان گەورە یانەی ئەوروپی و جیهانی، ئەجاکسـی هۆڵەندی بۆ 3 وەرز بەبڕی 2 ملیۆن دۆلار گرێبەسـتی لەگـەڵ مۆرکردو لە هەرسـێ وەرزەکـەدا لە 35 یاری خولی نایابی هۆڵەندیدا توانی 6 گۆڵ تۆماربکات و لە 2 یاری یۆرۆپالیگی 2009 ـ 2010 بەشداریکرد.

دواتر ئەو یاریزانە کوردستانییە پەیوەندیی بە یانەی راسینگ سانتانداری ئیسپانییەوە کردو لە وەرزی 2010 ـ 2011ی لالیـگای ئیسـپانی لـە 32 یاری بەشداریکردو توانی 6 گۆڵ تۆماربکات، کە گرنگترینیان بەرامبەر یانەی ریال مەدرید بوو کاتێک بە ئەنجامی 1 ـ 3 دۆڕان و تاکە گۆڵەکەش لەلایەن یاریزانـە کوردسـتانییەکەوە تۆمارکرا. هەروەها بەلێدانی راستەوخۆ گۆڵێکیشی لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریـد تۆمارکرد. لە 2 یاری جامی شای ئیسـپانیای هەمان وەرزیش بەشداریکرد. لە وەرزی 2011 ـ 2012ی لالیگاو جامی شـای ئیسپانیادا لە 10 یاری یانەکەیدا بەشداریکرد.

بەکرجیۆغلۆی کوردستانی لە 2008/8/28ەوە تـا کۆتایـی 2014/12/31 گرێبەسـتی لەگەڵ یانەی پێشووی خۆی یانەی HAMMARBY IF ی سوێدی مۆرکردووە بەبڕی 3 ملیۆن دۆلار. ئێسـتا کاپتنی یانەکەیەو لە ساڵانی 2012 و 2013 و 2014 دا لـە 60 یـاری خولـی پلەیەکی سـوێدی یاریکردوەو توانیویەتی 29 گۆڵ بکات. ئەو لە وەرزی ئەمساڵدا لە کۆی 28 یاری توانی 17 گۆڵ تۆماربکات و بووە گۆڵکاری خولەکەو یانەکەی بە پلەی یەکەم سەرخست بۆ خولی نایابی سوێدی.



# جیمس ڕۆدریگز سەرنجڕاکێشترینە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

گۆڤارێکی ئیسـپانی، جیمـس ڕۆدریگزی یاریزانـی کۆلۆمبـی بـە جوانتریـن و سەرنجڕاکێشـترین یاریـزان لەنێـو سـەرجەم یاریزانانـی تۆپـی پێـی جیهـان دەستنیشـاندەکات و هاوسەری ئەو یاریزانـەش شـایەتی بۆ جوانی مێردەکەی دەدات.

گۆڤـاری پیپۆلـی ئیسـپانی، بـە پێـی ڕاپرسـییەک کـە لەسـەر پێگـەی ئەلیکترۆنـی خـۆی ئەنجامیداوەو پرسـیاری ئـەوەی خسـتووەتە پێـش بەشـداربووانی ڕاپرسـییەکە کە کام یاریزان بە جوانترین و سەرنجڕاکێشـترین یاریزانی تۆپی پێی جیهان دەزانی؟. جیمـس ڕۆدریگزی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بە سەرنجڕاکێشترین یاریزانی جیهان ڕاگەیاند.

بەر لەو ڕاپرسـییەش زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیانـدن لـە دوای مۆندیالـی بەڕازیلـەوە بە شـێوەیەکی بەرفـراوان وێنەکانی جیمس ڕۆدریگز بڵاودەکەنـەوە، چونکە ئەو یاریزانە کۆلۆمبییـە لـە دەرەوەی یاریگەکانیـش سـیمایەکی جوانـی هەیـە. هەروەها دانییێلا ئۆسـبینای هاوسـەری جیمـس ڕۆدریگزیش شـایەتی بـۆ جوانـی مێردەکـەی دەدات و دووپاتیدەکاتـەوە "مێردەکـەم کەسـێکی سەرنجڕاکێشـە و کەسـایەتی ئـەوم زۆر خۆشدەوێ".

# "نوێر چاوی بە تۆپی زێڕ ناکەوێ"



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

سـێرجیۆ رامـۆس، بەرگریـکاری هەڵبـژاردەی ئیسـپانیا و یانەی ریال مەدرید لەسـەر کریسـتیانۆ ڕۆناڵدۆی هاوڕێـی لـە مانوێـل نوێـری گۆڵچی هەڵبـژاردەی ئەڵمانیـا و یانەی بایرن میونشـن تـووڕە دەبێـت و دەڵێـت "تاوەکو ڕۆناڵدۆ هەبێت، نوێر چاوی بە تۆپی زێڕین ناکەوێ".

لێدوانەکانی ئەم دواییەی مانوێل نوێر لە دژی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، کە گوتبووی "من بـۆ وەرگرتنی تۆپی زێڕیـن پاڵێوراو نیـم، چونکە من وەک ڕۆناڵـدۆ لەبەر جلی ژێرەوە بەناوبانگ نەبووم"، هەروا تێنەپەڕی و مشتومڕێکی زۆری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان و نێوەندەکانی جەماوەر بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەها هەندێک لە هاوڕێکانی ڕۆناڵدۆش زۆر بـە توونـدی وەڵامـی نوێریـان دایـەوە، بە تایبەتیـش سـێرجۆ رامـۆس بەرگریـکاری ریـال مەدریـد و هاوڕێی ڕۆناڵـدۆ، کە لە یەکەم کۆمێنتی لەسـەر لێدوانەکانـی نوێـردا گوتـی "نوێـر گۆڵچییەکـی گەورەیـە، بـەڵام تاوەکو ڕۆناڵدۆ هەبێت ئەو چاوی بە تۆپی زێڕ ناکەوێ". رامـۆس هەروەها ڕووی قسـەکانی دەکاتە نوێر و دەڵێـت "هەنـدێ یاریـزان ناتوانـن تۆپـی زێڕ بەدەسـتبێنن، بەڵام زیاد لە پێویسـت ئیرەییـان هەیە، بۆیە باسـی شـتی پڕوپوچ دەکـەن، هەموو یاریزانێـک لە ژیانی خۆی سەربەسـتە چـی دەکات، لەسـەر یاریگـە کـەس نییە ئێسـتا شان لە شـانی ڕۆناڵدۆ بدات". هەروەها گوتیشـی "با نوێر واز لـەو قسـانە بێنێـت، چونکە پێش هەموو کەسـێک بۆ خۆی خراپە".

هەروەهـا ڕۆژنامەکانـی پورتـوگال و ئیسـپانیا داکۆکیـان لـە دۆن کـردو لـە جیاتـی ئـەو وەڵامـی نوێریـان دایـەوەو بـە بیر نوێریان هێنایەوە کە وەرزی رابـردوو ڕۆناڵدۆ بە ئەنجامی 5 ـ 0 لێـی بردووەتـەوەو لەگـەڵ تیپەکـەی نازناوی خولی یانـە پاڵەوانەکانـی ئەوروپای بەدەسـتهێناوە، ئەمەش بەڵگـەی پێدەدەن کە ئێسـتا لە نوێـر و هەمـوو یاریزانەکانی دیکـەی جیهان باشـتر بێت، هەروەها ڕۆژنامەی مارکا هیوای خواست ریـال مەدریـد و بایرن میونشـن جارێکـی دیکە لە چامپیۆنسـلیگ بەرامبەری یەکدی یاری بکەنەوە، بـۆ ئـەوەی نوێـر بزانێـت جلـی ژێـرەوە یان قاچەکانی ڕۆناڵدۆ تۆپی زێرین دەباتەوە.

بیخوێنەوە پەشیمان نابیتەوە..

# سەیر و سەمەرەی پێلێ



**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

پێلـێ، یاریزانی ئەفسـانەیی هەڵبـژاردەی بەڕازیـل، یەکێکـە لـەو ئەفسـانانەی کە بە بۆچوونـی زۆر لـە چاودێـر و شـارەزایان دووبارەبوونـەوەی لـە یـاری تۆپی پێدا ئەستەمە. لێرەدا چەند ڕووداوێکی سەیرو سـەمەرە لە بـارەی ئەو ئەفسـانەیە دەخەینـەڕوو، کـە بێگومـان لـە خوێندنەوەیان پەشیمان نابییەوە.

ئـەو ئاسـت و ناوبانگـەی پێلێ لـە جیهانـی تۆپی پێدا هەیبوو وایکردبوو کاریگەری زۆری بەسـەر ئـەو یارییـەدا هەبێت، بـۆ نموونە، چوونی پێلێ بـۆ خولـی ئەمریکی و یاریکردنی لەوێدا وایکرد ڕێژەی ئامادەبوونی ناو یاریگە لە 80 % بەرزبێتەوە.

یەکێک لە سـەیرو سەمەرەکانی دیکەی پێلێ بریتی بوو لەو لێدانەی کە پێلێ لە یارییەکدا بەرەو گۆڵ لێیدا و بەر سـتوونەکە کەوت. لەو یارییەدا، پێلێ لێدانێکی زیرەکانەی لێدا و ویستی دەست بە ئاهەنگگێڕان بکات بەوەی کـە گۆڵی تۆمارکردووە، بەڵام تۆپەکە بەر سـتوون کەوت و نەچـووە گۆڵەوە. لەو کاتەدا، پێلـێ دەمێک بەدیار گۆڵەکە وەستا و لێیوردبووەوە، کاتێکیش ناوبژیوان چووە لای و لێی پرسی کە بۆچی لەوێدا وەستاوە؟، پێلێ پێیگوت "پانیی ئەو گۆڵە لە گۆڵی ئاسـایی بچووکترە". سـەیرەکە لەوەدابوو کە دوای یارییەکە گۆڵەکە پێوانەکراو دەرکەوت کە هەر بەڕاستی پانایییەکـەی لە گۆڵی ئاسـایی کەمترە، هەر ئـەوەش بووە وایکردووە تۆپەکە نەچێتە ژوورەوە.

تارسیسـیۆ بۆرگێنتیـش، بەرگریـکاری ئیتاڵـی کـە لە کۆتاییەکانی جامی جیهانیـی 1970 بەرامبەر بە پێلێ یاری کردووە، لە بارەی ئەم ئەفسـانە بەڕازیلییەوە دەڵێت "بەر لە یارییەکە بە خۆمم دەگوت کە پێویست ناکات لە پێلێ بترسم، چونکـە ئەویش هەروەک ئێمە خوێن و گۆشـتە، بەڵام دوای یارییەکە بۆم دەرکەوت کە من هەڵەم".



» نازانم لەبەرچییە، بەڵام ئێستا کەس باسـی ڕووداوەکەی نێوان من و ماتیرازی نـاکات، تەنانـەت منداڵەکانیشـم لێم ناپرسن

زینەدین زیدان
(ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا)



» زۆر عەیبـە بـۆ ئەوروپا دژایەتی یاریزانانـی موسـڵمان و ڕەشپێسـت بـکات، زۆرجار کـە ویسـتوومە لێدانی کۆرنەر جێبەجێبکـەم تفیان لێکردووەو و پێیانگوتوومەمەیموون

تێری هێنری
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



» کەس ناتوانێت نکۆڵـی لە مێژووی ئارسـن ڤینگـەر بـکات، بـەڵام هەرگیز ناشـتوانێت ئەو مێژووە دووبارە بکاتەوە کە من لەگەڵ مانچسـتەر یونایتد تۆمارم کردووە

ئەلێکس فێرگسۆن
(ڕاهێنەری پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد)



» گواردیۆلا ناچاری کردم لە بارسێلۆنا بڕۆم، سـاڵێک قسـەی لەگـەڵ نەکردم، تەنانەت لە کاتی مەشقەکانیشـدا زۆر لەگەڵم خراپ بوو

یایا تۆرێ
(ئەستێرەی یانەی مانچستەر سیتی)



» کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزانە لە مێژوودا، ئەگـەر باڵۆن دۆری نەدرێتێ جیهان تووشـی ئابڕۆچوونێکـی گەورە دەبێت

پیپێ
(بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید)



» لەبەرئـەوەم نییـە کـە میسـی ئەرجەنتینییە، بەڵام لەبەرئەوەی باشترین یاریزانی مۆندیال بووە، پێویستە خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ ئەوبێت

خافێر ماسکیرانۆ
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



## ناوبژیوان بە حیجابەوە

دوای ئـەوەی یەکێتی تۆپـی پێـی نێودەوڵەتی FIFA ڕێگەی بەو ئافرەتانەدا کە دەیانەوێ ببنە ناوبژیوان حیجاب بپۆشن، بۆیەکەمجار خانمە ناوبژیوانێکی تورکی بە حیجابەوە دەرکەوت و یارییەکی لە خولی لاوانی ئەو وڵاتە بەڕێوەبرد. بۆهرا یۆردا گوڵی ناوبژیـوان ئەو یارییەی وەک یاریدەدەری ناوبژیوانی سـەرەکی بە حیجابەوە بەڕێوەبـرد. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیاش گرتەیەکی ڤیدیۆیـی ئەو ناوبژیوانەیان بڵاوکردەوە، کە بوارێکی زۆر قورسی بۆ ئافرەتان هەڵبژاردووە.

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (327) سێشەممە 2014/11/25



## هێڵی پەڕینەوە

دەزگای ئێتیرستۆنیس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب ئاشکرایکرد کە کتێبێکی بە چاپ گەیاندووە، تایبەتە بە هەڵسوکەوتە نارەواکانی لویس سوارێزی هێرشبەری ئوڕگوایی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی. نووسەر ناونیشانی «هێڵی پەڕینەوە»ی بۆ کتێبەکە هەڵبژاردووە و تێیدا باس لە هەموو ئەو رەفتارە سەیر و نامۆانە دەکات کە سوارێز لەو کاتەی لە خولی هۆڵەندی یاریدەکرد تاوەکو گازگرتن لە جیۆرجیۆ کیللینی بەرگریکاری ئیتاڵی، ئەنجامیداون. پێشبینیش دەکرێت ئەو کتێبە خواستێکی زۆری لەسەربێت و رێژەی فرۆشی بگاتە ئاستێکی بەرز.

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# چیزنی خۆفرۆشە و بییێلسا ترسنۆکە و ریشیش قەدەخەیە

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## چیزنی خۆی دەفرۆشێتە مانچستەر یونایتد



پێدەچێت خەونەکانی چیزنیی گۆڵچی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی لە یاریکردن لە یانەی مانچستەر یونایتد راستی بێت نەک تەنیا قسە، چونکە چیزنی دانی بەوەدانا کە لە یاری فیفا 15 خۆی فرۆشتووەتە مانچستەر یونایتد بۆ ئەوەی یاریزانێکی چەق بکرێت. چیزنی دەڵێت «بە بڕی 18.5 ملیۆن پاوەند خۆم فرۆشتووە بە مانچستەر یونایتد». ئەو پێیوابوو بەو بڕە پارەیە دەتوانێت تەنانەت زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدیش بکرێت، بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات و تەنیا یاریزانێکی چەقی کڕی.

تەنیا چیزنی شەیدای ئەو یارییە نییە، بەڵکو چەندین ئەستێرەی تۆپی پێی دیکەی وەک لیۆنێل میسی و واین رۆنیش شەیدای ئەو یارییەن.

## بییێلساش لە سواربوونی فڕۆکە دەترسێت



چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی ئیسپانی ئاشکرایانکردووە، مارسیلۆ بییێلسای راهێنەری ئەرجەنتینی یانەی مارسیلیای فەرەنسی زۆر لە سواربوونی فڕۆکە دەترسێت. هۆکارەکەش بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە راهێنەری یانەی ئیسپانیۆلی ئیسپانی بووە، تووشی رووداوێکی سەیر بووە. دانیال سانچێزی سەرۆکی پێشووی ئیسپانیۆل ئەو نهێنییەی ئاشکراکردووە «لە گەشتێکی تیپەکەماندا بۆ بەلجیکا، بییێلسا حەبی ڤالیۆمی خوارد بۆ ئەوەی لە ناو فڕۆکەدا خەوی لێکەوێ و ئاگای لە گەشتەکە نەبێت، بەڵام لەناکاو کاریگەری حەبەکە تەواوبوو، بییێلسا لەخەو هەستا و چەندین هەڵسوکەوتی منداڵانەی ئەنجامدا، ئەمەش لە ترسی ئەو بەرزاییە بوو کە فڕۆکەکە تێیدا دەفڕی».

## ریشی یاریزان قەدەخەیە



کافان ئەلهانی سەرۆکی یانەی گنچلێر بیرلیگی، کە لە خولی نایابی تورکیا یاری دەکات، هەڕەشەی لە یاریزانانی تیپەکەی کرد، هەر یاریزانێک ریش بەرداتەوە دەبێت 9 هەزار یۆرۆ غەرامە بدات. ئەو بڕیارە مشتومڕێکی فراوانی لە تورکیا لە نێوان لایەنگر و رەخنەگر لەو رێوشوێنە سەیرە نایەوە. سەرۆک گوتی «یاریزانانی تیپی یەکەم دەبێت نموونەی باڵای یاریزانە تازەپێگەیشتووەکان بن لە رووی سیماوە. من تەمەنم 80 ساڵە و هەموو رۆژێک ریشم دەتاشم.». هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە نامەیەکی بۆ سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا ناردووەو داوای لێکردووە ئەو سزایە لەسەر ئاستی ئەوروپا بگشتێنێت، بەڵام سەرۆکی ئەو یەکێتییە پێی راگەیاندووە «یویفا ئەوە رەتدەکاتەوە».

## 7 وانەکانی مۆندیالی بەرازیل

مۆندیالی 2014ی بەرازیل، وەک گەورەترین بۆنەی وەرزشیی جیهان کۆتاییهات، بێئەوەی ئێمەی کورد لە رووی پراکتیکییەوە هیچ سوودێکی لێوەربگرین، چونکە بە پێچەوانەی هەموو جیهان کورد تاکە میللەت بوو کە رۆژنامەنووس و راگەیاندنکارانی نەیانتوانی بەشداری تێدا بکەن. بێجگە لە رۆژنامەنووس (زانا قادر) کە دوای ماندووبوونێکی زۆر توانی بچێتە بەرازیل. ئەو لەگەڵ خۆیدا چەند وانەیەکی لە مۆندیال هێناوەتەوە، کە دەکرێت بزاڤی وەرزشیی کوردستان لە رێگەیانەوە سوودمەندبێت.

### بە گوێرەی ئەوەی لە بەرازیل بینیم..

# پێناچێت قەتەر بتوانێت مۆندیال رێکبخات

**زانا قادر**

تەواوی چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان تایرێکخستنی چالاکی و خولە نێودەوڵەتییەکان بووەتە مەبەستی سەرجەم وڵاتانی سەرزەوی بەتایبەت مۆندیالەکان، کە تەواوی وڵاتان بە رێگەی تەندروست و ناتەندروست لە هەوڵداندان بۆ بەدەستهێنانی ئەم رێکخستنە. ئێستا مەبەست لە مۆندیال تەنیا (وەرزش و تۆپی پێ )نییە، بەڵکو ئەو بۆنەیە بووەتە جێگەی سەرنجی تەواوی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی (گەشتوگوزار، قومار، مەیفرۆشان و لەشفرۆشان). ملیۆنان مرۆڤ لە تەواوی جیهان بە جیاوازی رەنگ و رەگەز و زمان و کلتوور و ئایین روودەکەنە ئەم چالاکییانە، هەندێکیان بۆ خۆشەویستی و بینینی یارییەکانە، بەڵام مەبەستی زۆرینەیان گەشتوگوزار و رابواردن و سێکس و قومار و کات بەسەربردنە. لە مۆندیالی بەرازیل بەچاوی خۆم بینیم تا بەیانی بە هەزارەها کەس لەسەر جادەکان خەریکی مەیخواردن و سێکس و سەما و رابواردن بوون، مەیخواردنەوە لای تەواوی ئامادەبووان کارێکی زۆر نۆرماڵ و وەک ئاو خواردنەوەیە، لە چێشتخانە و شوێنی دانیشتن تەنیا من داوای ئاوام دەکرد، زۆریان بەلاوە سەیربوو کە دەمگوت بیرە ناخۆمەوە. باسی ئافرەتان و لەشفرۆشان وەک باسی چاخواردنەوەی لای خۆمانە. بۆ دەستەبەرکردنی پارە، سەدان هەزار ئافرەتی لەشفرۆش روودەکەنە وڵاتی رێکخەری مۆندیال، جگە لەو لەشفرۆشانەی خۆیان لە وڵاتەکەدا کاردەکەن، باسی کۆمپانیاکان و جێگەکانی قومارکردن لەسەر ئەنجامی یارییەکان بووەتە کارێکی فەرمی و باجیان لێدەسێنرێت لەلایەن وڵاتانەوە، ئەمە جگە لە قومارکردن لەسەر خودی یاریزانان کە ئایا گۆڵدەکەن و چەند گۆڵدەکەن؟!. لەبەرئەوەیە فیفا مۆندیالەکانی خستووەتە کاتی پشووی وڵاتانی ئەوروپا، بە سەدان هەزار کەس هەر ناچن بۆ یاریگەکان و بلیتیش نابڕن، بەڵکو لەو شوێنانەی بەناو کۆبوونەوەی جەماوەری سازدەکرێت لەگەڵ خۆشەویستەکەی یان خێزانەکەی خەریکی خواردنەوەو سەماکردنن جارجاریش لە شاشە گەورەکانەوە سەیرێکی یارییەکە دەکەن. بەو هۆیەوە مۆندیال دەبێتە گەورەترین داهات بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی (مەیخواردنەوە و لەشفرۆشی و قومارکردن)، ئەمەش حاڵەتێکی زۆر نۆرماڵە لای ئەو وڵاتانەی تاوەکو ئێستا مۆندیالیان رێکخستووە بەهۆی ئەوەی هەم ئایین و هەم یاسا و هەم کلتووریان رێگرنین لەم کارانە، ئەگەر ئایینیش رێگربێت وەک ئاینی مەسیحی، بەڵام ئەوان بە بیانووی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت هیچ کاریگەری و سانسۆرێکیان لەسەر ئەم کارانە نەهێشتووەتەوە.

لە بەرازیل نەک کێشەیان نەبوو، بەڵکو خۆیان ئالوودەی سامبا و سەما و مەیخواردنن، میوانان لەوانەوە فێری سەما و سامبا دەبوون، کەسێک بەچاوی خۆی نەیبینێت هەرگیز ناتوانیت وێنای بکات، کە تا بەیانی هەزارەها کوڕ و کچ، گەنج و بە تەمەن لەسەر جادەو شوێنە گشتییەکان دەخۆنەوەو رادەبوێرن و گۆرانی دەڵێن، کەس بۆی نییە دەست بخاتە نێو کاریان، کەس بۆی نییە کەسێکی دیکە بێزار یان ناچاربکات بە شتێک کە خۆی مەبەستی نییە، لێرەوە کێشەی وڵاتی قەتەر دروستدەبێت کە تاوەکو ئێستا زۆر لای خۆمان پێیانوایە وڵاتانی ئەوروپا و کۆمپانیاکان رەخنەی گەرما لە قەتەر دەگرن، بەڵام راستییەکەی باسی گەرما تەنیا بیانووەکە، کە قەتەر بەهۆی ئایین و کلتوور و یاسا ناگونجێت لەگەڵ ئەو شێوازە لە بەڕێوەچوونی مۆندیال، ئەگەر ئەو شێوازەش نەبێت بە دڵنیایی چارەکی ئەو خەڵکە کەمتریش روناکەنە مۆندیال، ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ رێکخەران و فیفا و کۆمپانیاکانی سپۆنسەری مۆندیال.

ئەوان پێیانوایە مۆندیال بۆ میوان و هاندەرانە نەک بۆ یاری کەواتە دەبێت هەموو کار و یاسایەک بۆ رازیکردنی ئەو میوانانە بێت و هیچ شتێک رێگرنەبێت لەبەردەم ویستی ئەو میوانانەدا، قەتەر لەگەڵ پێشکەشکردنی دۆسیەی میوانداریکردن بەڵێنی نووسراوی داوە بە فیفا کە مەیخواردن و ئافرەت لە شوێنە دیاریکراوەکان بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری رێگەپێدراو دەبێت، بە نووسینیش بەڵێنیداوە ئەگەر ئیسرائیل سەرکەوت بۆ یارییەکانی کۆتایی رێگەی پێدەدرێت بێتە قەتەر و بەشدار بێت، بەڵام بەڕاستی ئەوەی من بینیم لە بەرازیل و ئەوەی باسدەکرێت لە قەتەر زۆر زەحمەتە یەکبگرنەوە، ئەگەرچی ئێستا زووە بۆ بڕیاردان و ساڵانێکی زۆری ماوە تاوەکو ئەوکات خوا دەزانێت قەتەر دەمێنێت یان نا؟ یان ئەم ناوچانە چییان بەسەردێت؟ یان دوورنییە قەتەر لە بری هەموو زەرەرێک قەرەبووی کۆمپانیاکان و فیفا بکاتەوە، یان بگاتە ئەو رادەیەی ئەو شتانە تێیدا ئاسایی بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی پێکەنین و هەم هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە لە تازەترین داواکاریدا سەرۆکی رێکخراوی هاوڕەگەزەکان (ئەوانەی لەگەڵ رەگەزی خۆیان سێکس دەکەن) داوایان لە فیفا کردووە ئەگەر قەتەر رێگەنەدات بە سێکسی هاوڕەگەزەکان ئەوا دەبێت فیفا مۆندیالی لێوەرگرێتەوەو کەمپینی گەورەشیان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە، هەموو دەبێت چاوەڕێی رووداوەکان و داهاتووبین تا بزانین ئایا وڵاتێکی نیمچەداخراو بە ئایینی ئیسلام و خاوەن کلتووری تایبەت دەتوانێت چالاکییەکی وەک مۆندیال رێکبخات.



# رامیرێز خێراترینی پریمەرلیگە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ئامارێکی نوێ ئاشکرایدەکات کە رامیرێزی یاریزانی ئینگلیزی خێراترین یاریزانی خولی پریمەرلیگی ئینگلیزییە لە رووی ئەسیست و دروستکردنی گۆڵ بۆ هاوڕێکانی.

ماڵپەری هۆسکۆردی شارەزا لە ژمارە و ئامارەکان، راپۆرتێکی لەبارەی باشترین پلەی مەیکەرەکان لە خولی ئینگلیزی لە رووی خێرترین دروستکەری گۆڵ بڵاوکردووەتەوەو تێیدا دەرکەوتووە کە رامیرێزی یاریزانی بەرازیلی یانەی چێڵسی ئینگلیزی خێراترین ئەسیست دروستکەرە و لە پێش سیسک فابریگاسی هاوڕێی دێت، کە بۆ دروستکردنی گۆڵێک پێویستی بە 11 خولەکی زیاتر لە رامیرێز هەیە. لیستەکەش بەمشێوەیە:



- رامیرێز (چێڵسی): 93 خولەک بۆ هەر ئەسیستێک
- ستیڤن پینار (ئێڤەرتۆن): 104.5 خولەک بۆ هەر ئەسیستێک
- فابریگاس (چێڵسی): 109 خولەک بۆ هەر ئەسیستێک
- فالکاو (مانچستەر یونایتد): 125 خولەک بۆ هەر ئەسیستێک
- گۆلفی سیگۆردسۆن (تۆتنهام): 132.4 خولەک بۆ هەر ئەسیستێک


KOREK Telecom

بەردەوامبە لە قسەکردن
هەر قسە بکە و.....قسە بکە
تەنانەت ئەگەر بالانسیشت نەبێت



بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پرێپەید لەنێو تۆڕی کۆرەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (327) سێشەممە 2014/11/25

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

چامپیۆنسلیگ
سێشەممە 2014/11/25
10:45
مانچستەر سیتی - بایرن میونشن

فینالی جامی کەنداو
چوارشەممە 2014/11/26
07:45
سعوودیە - قەتەر

چامپیۆنسلیگ
چوارشەممە 2014/11/26
10:45
ئارسنال - بورۆسیا دۆرتمۆند

یۆرۆپالیگ
پێنجشەممە 2014/11/27
11:05
ڤیاریال - مونشنگلادباخ

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| هەینی 2014/11/28 | |
| ریال سۆسیداد - ئیلچێ | 10:45 |
| شەممە 2014/11/29 | |
| خیتافی - ئەتلەتیک بلباو | 06:00 |
| ئیسپانیۆل - لیڤانتی | 08:00 |
| مەلەگە - ریال مەدرید | 10:00 |
| سێلتاڤیگۆ - ئیبار | 12:00 |
| یەکشەممە 2014/11/30 | |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - دیپۆرتیڤۆ | 02:00 |
| سڤیلیا - غەرناتە | 07:00 |
| قورتوبە - ڤیاریال | 09:00 |
| ڤالنسیا - بارسیلۆنا | 11:00 |
| دووشەممە 2014/12/1 | |
| ئەلمێریا - رایۆ ڤالیکانۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 30 |
| 2 - بارسیلۆنا | 28 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 26 |
| 4 - ڤالنسیا | 24 |
| 5 - سڤیلیا | 23 |
| 6 - مەلەگە | 21 |
| 7 - سێلتاڤیگۆ | 20 |
| 8 - ڤیاریال | 18 |
| 9 - ئەتلەتیک بلباو | 15 |
| 10 - خیتافی | 14 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 20 |
| 2 - نیمار | بارسیلۆنا | 11 |
| 3 - میسی | بارسیلۆنا | 10 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 7 |
| 5 - لاریڤی | سێلتاڤیگۆ | 7 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| شەممە 2014/11/29 | |
| وێست برۆمیچ - ئارسناڵ | 03:45 |
| بێرنلی - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| لیڤەرپووڵ - ستۆک سیتی | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد - هاڵ سیتی | 06:00 |
| کوینز پارک رێنجەرز - لیستەر سیتی | 06:00 |
| سوانزی سیتی - کریستال پالاس | 06:00 |
| وێستهام - نیوکاسل | 06:00 |
| سەندرلاند - چێلسی | 08:30 |
| یەکشەممە 2014/11/30 | |
| ساوسهامبتۆن - مانچستەر سیتی | 04:30 |
| تۆتنهام - ئێڤەرتۆن | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێلسی | 32 |
| 2 - ساوسهامبتۆن | 25 |
| 3 - مانچستەر سیتی | 24 |
| 4 - مانچستەر یونایتد | 19 |
| 5 - نیوکاسل | 19 |
| 6 - وێستهام | 18 |
| 7 - سوانزی سیتی | 18 |
| 8 - ئارسناڵ | 17 |
| 9 - ئێڤەرتۆن | 17 |
| 10 - تۆتنهام | 17 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 12 |
| 2 - کۆستا | چێلسی | 11 |
| 5 - سانچێز | ئارسناڵ | 8 |
| 3 - پێلێ | ساوسهامبتۆن | 7 |
| 4 - بیراهینۆ | وێست برۆمیچ | 7 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئەستۆن ڤێلا - ساوسهامبتۆن) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| شەممە 2014/11/29 | |
| ساسۆلۆ - ڤیرۆنا | 08:00 |
| کییڤۆ - لازیۆ | 10:45 |
| یەکشەممە 2014/11/30 | |
| میلان - ئۆدینێزی | 05:00 |
| پالێرمۆ - پارما | 05:00 |
| کالیاری - فیۆرەنتینا | 05:00 |
| چیزینا - جەنەوا | 05:00 |
| ئیمپۆلی - ئاتالانتا | 05:00 |
| یوڤانتۆس - تۆرینۆ | 08:00 |
| رۆما - ئینتەرمیلان | 10:45 |
| دووشەممە 2014/12/1 | |
| سامپادۆریا - ناپۆلی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 31 |
| 2 - رۆما | 28 |
| 3 - ناپۆلی | 22 |
| 4 - سامپادۆریا | 21 |
| 5 - لازیۆ | 19 |
| 6 - جەنەوا | 19 |
| 7 - میلان | 18 |
| 8 - ئۆدینێزی | 18 |
| 9 - ئینتەرمیلان | 17 |
| 10 - فیۆرەنتینا | 16 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 9 |
| 2 - کالیخۆن | ناپۆلی | 8 |
| 3 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 7 |
| 4 - هیگواین | ناپۆلی | 7 |
| 5 - دیناتالی | ئۆدینێزی گۆڵ | 7 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (جەنەوا - پالێرمۆ) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 13)

| | |
|---|---|
| هەینی 2014/11/28 | |
| فرایبۆرگ - شتۆتگارت | 10:45 |
| شەممە 2014/11/29 | |
| ڤێردەربرێمەن - پادربۆرن | 05:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن - کۆڵن | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - بایرن میونشن | 05:30 |
| شاڵکە - ماینز | 05:30 |
| ئۆگسبۆرگ - هامبۆرگ | 05:30 |
| هۆفنهایم - هانۆڤەر | 08:30 |
| یەکشەممە 2014/11/30 | |
| ڤۆلفسبۆرگ - مونشنگلادباخ | 05:30 |
| فرانکفۆرت - بورۆسیا دۆرتمۆند | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 30 |
| 2 - ڤۆلفسبۆرگ | 23 |
| 3 - مونشنگلادباخ | 20 |
| 4 - بایرلیڤەرکۆزن | 20 |
| 5 - هانۆڤەر | 19 |
| 6 - ئۆگسبۆرگ | 18 |
| 7 - شاڵکە | 17 |
| 8 - هۆفنهایم | 17 |
| 9 - ماینز | 16 |
| 10 - پادربۆرن | 16 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1- گۆتزە | بایرن میونشن | 7 |
| 2 - ماییێر | فرانکفۆرت | 7 |
| 3 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 6 |
| 4 مۆلەر | بایرن میونشن | 6 |
| 5 - ئۆکازاکی | ماینز | 6 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 15)

| | |
|---|---|
| هەینی 2014/11/28 | |
| مارسیلیا - نانت | 10:30 |
| شەممە 2014/11/29 | |
| پاریس سانجێرمان - نیس | 07:00 |
| تۆلۆز - لۆریان | 10:00 |
| ریمس - باستیا | 10:00 |
| رین - مۆناکۆ | 10:00 |
| لانس - میتز | 10:00 |
| کان - مۆنبیلیە | 10:00 |
| یەکشەممە 2014/11/30 | |
| بۆردۆ - لیل | 04:00 |
| ئیڤیان - گانگۆن | 07:00 |
| سانت ئیتیان - لیۆن | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مارسیلیا | 31 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 30 |
| 3 - لیۆن | 27 |
| 4 - نانت | 24 |
| 5 - بۆردۆ | 24 |
| 6 - سانت ئیتیان | 23 |
| 7 - رین | 12 |
| 8 - مۆناکۆ | 20 |
| 9 - مۆنبیلیە | 20 |
| 10 - ریمس | 19 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - جینیاک | مارسیلیا | 11 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 11 |
| 3 - ویسام | تۆلۆز | 8 |
| 4 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 6 |
| 5 - ئیدواردۆ | نیس | 6 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی پێنجەم)

| | |
|---|---|
| سێشەممە 2014/11/25 | |
| بۆریسۆڤ - پۆرتۆ | 08:00 |
| سیسکا مۆسکۆ - رۆما | 08:00 |
| مانچستەر سیتی - بایرن میونشن | 10:45 |
| پاریس سانجێرمان - ئەجاکس | 10:45 |
| ئەپۆیل - بارسیلۆنا | 10:45 |
| شاڵکە - چێلسی | 10:45 |
| لێشبۆنە - ماریبۆر | 10:45 |
| شاختار - ئەتلەتیک بلباو | 10:45 |
| چوارشەممە 2014/11/26 | |
| زینێت - بەنفیکا | 08:00 |
| ماڵمۆ - یوڤانتۆس | 10:45 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ئۆلۆمپیاکۆس | 10:45 |
| لودوگۆریست - لیڤەرپووڵ | 10:45 |
| بازل - ریال مەدرید | 10:45 |
| بایرلیڤەرکۆزن - مۆناکۆ | 10:45 |
| ئارسناڵ - بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:45 |
| ئەندرلەخت - گەڵاتەسەرای | 10:45 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 5)

| | |
|---|---|
| پێنجشەممە 2014/11/27 | |
| هەولێر - هەندرێن | 02:30 |
| نەورۆز - شێروانە | 02:30 |
| پێشمەرگەی سلێمانی - زێرەڤانی | 02:30 |
| هەینی 2014/11/28 | |
| برایەتی - کەرکووک | 02:30 |
| سلێمانی - دهۆک | 02:30 |
| زاخۆ - ئاراارات | 02:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نەورۆز | 10 |
| 2 - سلێمانی | 7 |
| 3 - ئاراارات | 6 |
| 4 - زێرەڤانی | 6 |
| 5 - پێشمەرگەی هەولێر | 5 |
| 6 - دهۆک | 5 |
| 7 - زاخۆ | 5 |
| 8 - شێروانە | 4 |
| 9 - پێشمەرگەی سلێمانی | 3 |
| 10 - برایەتی | 3 |
| 11 - هەولێر | 3 |
| 12 - کەرکووک | 2 |
| 13 - هندرێن | 1 |
| 14 - بروسک | 0 |

خولی ئیتاڵیا
یەکشەممە 2014/11/30
10:45
ئینتەرمیلان - رۆما

خولی ئینگلتەرا
یەکشەممە 2014/11/30
07:00
ئێڤەرتۆن - تۆتنهام

خولی ئینگلتەرا
یەکشەممە 2014/11/30
04:30
مانچستەر سیتی - ساوسهامبتۆن

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (327) سێشەممە 2014/11/25




## نامۆیە

سیزار ئیزبیلیکویتای یاریزانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی پەسنی هاوڕێ ئیسپانییەکەی، دییگۆ کۆستای هێرشبەری یانەی لەندەنی داو ڕایگەیاند کە ئەو یاریزانێکی نامۆ و سەرسوڕهێنەرەو لەو بارەوە گوتی «کۆستا یاریزانێکی نا ئاساییە، ئەو لە بنەڕەتدا گۆڵکارە و زۆر شـتی نا ئاسـایی ئەنجام دەدات. لە مەشقەکاندا هەندێک جوولەی هێندە سەرسـوڕهێنەر دەکات هەمووومان تووشی شۆک دەکات. ئەو هەندێک گۆڵ تۆماردەکات کە تۆمارکردنیان نیمچە مەحاڵە، بەڕاستی ئەو یاریزانێکی زۆر نامۆیە».



ڕێبوار محەممەد

# هاتریکەکەی مێسی دۆخەکەی شڵەقاند

هەرچەندە کچەکەی تیلمۆر زارا سـوورە لەسەرئەوەی لیۆنێل مێسی هێشتا ژمارەی گۆڵە پێوانەییەکانی باوکی ئەوی لە لالیگادا نەشکاندووە، بەڵام هەموو ئەو سێ گۆڵەی مێسـی لە یانەی سیڤییای تۆمارکرد، بووە مانشـێتی میدیای جیهانـی و هەموو کۆک بوون لەسەرئەوەی ئیدی ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێ خاوەنی ژمارەی پێوانەیی گۆڵ لە لالیگادا مێسییە نەک زارا.

شکاندنی ژمارەکان بۆ مێسی شتێکی نوێ نییە، چونکە ئەو ئەسـتێرە ئارجێنتینایییە دەمێکە خەریکی ورد و خاشـکردنی ژمارە لـە دوای ژمارەیە لە ژێر قاچەکانیدا و وەک ئەحمەد سـەنگاوی هاوکاریشم ناوی ناوە، ئەو ژمارە پێوانەییەکان نانووسێتەوە بەڵکو دەیانسڕێتەوە.

بۆچـی وەک لە ناونیشـانەکەدا هاتووە سێ گۆڵەکەی دۆخەکەی شڵەقاند؟

بەر لە سێ گۆڵەکەی مێسی، ئەو یاریزانە تووشـی دۆخێکـی خراپ هاتبـوو، هەموو یارییـەک هاندەرانـی یانـە کەتەلۆنییەکە چاوەڕێـی درەوشـانەوەی ئـەو یاریزانەیان دەکرد، وەلێ ئەو یاری دوای یاری ئاسـتی خراپتـری پێشـاندەدا و هەوادارەکانـی بێئومێـد دەکـردەوە و خەریکبـوو دەبووە گرێیـەک، وەلـێ لـە بەرامبـەر سـیڤییادا مێسـی ئەسـتەمەکانی بـڕی و دۆخەکەی ڕاستکردەوە.

سێ گۆڵەکەی مێسـی بەر لە هەر شت پێشـانیاندا ئەو یاریزانە کۆتایی نەهاتووە، ئەوەی کۆتایی هاتووە تەکتیکە خراپەکانی لویـس ئینریکێـی ڕاهێنـەری یانەکەیە کە یاریپێکردنی مێسـی، لە شـوێنی سەرەکی خـۆی دوورخسـتووەتەوە و بـەوەش هـەم ماشـێنێکی گـەورەی یاریکـردن و درەوشـانەوەی لە یانەکەی کوژاندووەتەوە، هەم ئەو یاریزانەشـی تووشی سەرلێشێوان و ونبـوون لە نێو گێژاوی ئاسـتدا کردووە، بۆیـە کاتێـک مێسـی گەڕایـەوە شـوێنی یاریکردنی خۆی، بارساش ڕەونەقی جارانی خۆی بەدەسـتهێنایەوە و مێسـیش خووە هەمیشـەییەکەی خۆی کە درەوشـانەوە و ئاستی بەرز و گۆڵکردنە وەرگرتەوە، ئیدی دوای ئەو یارییە باوەڕناکەم ئینریکێ بوێرێ بیر لەوە بکاتەوە مێسی بخاتەوە ناوەڕاستی یاریگە و سـواریز لە شـوێنی ئەو یاری پێ بکات.

سـێ گۆڵەکـە وەک زیندووبوونـەوەی مێسـی وابـوون، لـە بەرامبـەر ئەپۆێلیش مێسی دەتوانێ ژمارە پێوانەییەکەی ڕائول گۆنزالیـس لـە خولـی یانـە پاڵەوانەکان بشـکێنێت و ئەوکات دەبێتـە دوو ژمارەی پێوانەیی لە هەفتەیەکەدا کە شتێکی نایابە بۆ ئەو یاریزانە.

سـێ گۆڵەکە مانـای گەورەتـری هەیە و دۆخەکـە شـڵەقاند، چونکـە بـەر لەوە هاوکۆکییـەک هەبوو لەسـەرئەوەی تۆپی زێڕینـی ئەمسـاڵ لـە نێـوان کریسـتیانۆ ڕۆناڵدۆ و یاریزانێکی ئەڵمانیدایە کە نازناوی مۆندیالیان بردووەتەوە و زۆرینەی ڕایەکانیش لای ئەڵمانەکان، بۆ مانوێل نۆیەر دەچوون و میدیاکانی ئەڵمانیا هەڵمەتێکیشیان بۆ ئەوە دەسـتپێکردبوو و چەند کەسێکیش لەوانە ڤـان خال بە ئاشـکرا گوتیـان نۆیەر نەک ڕۆناڵـدۆ، بەڵام پاش ئەو سـێ گۆڵە ئیدی باوەڕناکەم ئەوانەی لە دەستنیشـانکردنی باشترین یاریزانی سـاڵدا مافی دەنگدانیان هەیـە، چ ڕاهێنەران، یان کاپتن و تەنانەت ڕۆژنامەنووسەکان بتوانن گۆڵکەری مێژوویی لالیگا لە بردنەوەی خەڵاتەکە بێبەش بکەن.

خـۆ بێگومـان ئەگـەر مێسـی ژمارەی ڕائولیش بشـکێنێت کـە گومانم لەوە نییە ئەمشـەو یان یاری داهاتوو دەیشـکێنێت، ئـەوکات ڕای دەنگـدەرەکان زۆر زیاتـر ئازایەتیـی ئەوەیـان تێـدا دەبێـت، بڵێن مێسیش شایستەی نازناوەکەیە و ئەوە تەنیا ڕۆناڵـدۆ و نۆیەر نین لە سـەرەتای سـاڵی داهاتوودا دەچنە سـەر سەکۆی نازناوەکە، بـەڵام ئەوەشـمان لەبیر نەچێـت، ڕۆناڵدۆ نازنـاوی مۆندیالی یانەکانی لەبەردەسـتدا مـاوە و درەوشـانەوە لـەو پاڵەوانیەتییـە و بردنـەوەی نازناوەکـە جارێکـی دیکـە داشـی ڕۆناڵدۆ سـوار دەکاتەوە و ئەوکات دۆن خاوەنـی چامپیۆنزلیگ، جامی شـای ئیسـپانیا، جامـی سـوپەری ئەورووپـا و مۆندیالی یانەکانیش دەبێت.

لەبەرئەوە لە ڕیال مەدرید دەرکراوە..

# ئۆزێل مەیخۆرێکی دەرەجە یەکە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

سـەرەڕای ئـەوەی مەسـعود ئۆزێلـی کوڕە کوردەکـەی هەڵبـژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئارسناڵی ئینگلیـزی زۆرجـار لـە لێدوانەکانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیانـد بانگـەواز بـۆ موسڵمانبوونی خۆی دەکات و پابەندبوونی خۆی بە نوێژکردن و ڕۆژووگرتـن دووپاتدەکاتـەوە، میدیـای تورکیـا پێچەوانـەی ئـەوە ڕادەگەینێـت و دەڵێـت «ئۆزێل مەیخۆرێکی دەرەجە یەکە».

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا ئاشـکرایان کردووە، مەسـعود ئۆزێـل لـە هەمـوو بۆنەیـەک، تەنانـەت لە پشـووی کۆتایـی هەفتەش دوای یارییـەکان مەی دەخواتـەوە. ئەو ڕاپۆرتانـە لـە ئاکامـی ئـەو ململانێیـە سـەریانهەڵدا کە لە نێوان ئۆزێل و باوکی ڕوویـدا، لەبەرئەوەی باوکـی نەیتوانیوە دانوسـتان لەگەڵ کارگێڕی ڕیال مەدرید بـکات، ئەمەش کوڕەکـەی ناچارکردووە لە ڕیـال مەدرید بڕوات. ڕۆژنامەی ئۆرتاد ئاغۆی بەناوبانگی تورکی ئاشکرایکردووە، ئـەو ناکۆکییـە هـۆکاری ڕاسـتەقینەی ڕۆیشـتنی ئۆزێل لە ڕیال مەدرید نەبووە، بەڵکـو لەبـەر ئەوەبـووە کـە ئۆزێـل کەسـێکی پابەندبووی تۆپی پێ نەبووە، بۆیە لـە دوایین وەرزی لـە ڕیال مەدرید زۆر دوا دەکـەوت و زوو زوو لەگـەڵ کچە دۆسـتەکەی مەی دەخـواردەوە، ئەمەش کاریگەری زۆری بەسـەر ئاستی هەبوو و بەدڵی کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەر نەبوو.

ڕووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..........................................

مۆبایل : ......................

1

سی و حەفتەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی
لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی
تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و
بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی
(ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە
لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی
وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت
لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە
نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت



عەبدولکەریم سۆفی
لە
هەولێر
بە لێدوانی:
( ڕامۆس وەک هەنگە، هەردەم لە جەنگە )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.







سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
ehsanjornalist@yahoo.com - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان . شاهۆ محەممەد

ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری
کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە



ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک
ڕووداو
بخوێنەوە